ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

## شیکردنەوەی Akram Audio Converter.

نووسەر:
@:

شیکردنەوەی Akram Audio Converter.
Akram Audio Converter پرۆگرامێکی زۆر جوانە بۆ گۆڕینەوەی پەڕگەکانی دەنگ لە جۆرێکەوە بۆ جۆرێکی دیکە. لەوانە:
گۆڕینی پەڕگە دەنگیەکانی جۆری Real Audio بۆ Wav و MP3 و هتد.
گۆڕین لە پەڕگەکانی جۆری Windows Media Audioـەوە بۆ جۆرەکانی دیکە بۆ نموونە Real Audio.
هەروەها بەشێکی دیکە بۆ گۆڕینی جۆری پەڕگە دەنگیەکان لە جۆرێکەوە بۆ جۆرێکی دیکە، بەبێ ڕەچاوکردنی ئەو دووخاڵەی سەرەوە.
هەبوونی بەشێکی تایبەت بۆ وەرگرتنی گۆرانیەکانی سەر سیدی و پاشەکەوتن کردنیان لەسەر کۆمپیوتەر بە جۆرەکانی MP3 و Wav و هتد.
دەتوانی ئەو پرۆگرامە لەم بەستەرە دابگریت.
Akram Audio Converter
پاش داگرتن و دامەزراندن بیکەوە.




وەك شێوەی سەرەوە دەبێت.
١، گۆڕینی پەڕگە دەنگیەکانی جۆری Real Audio.
٢، گۆڕینی پەڕگە دەنگیەکانی جۆری Windows Media Audio.
٣، گۆڕینی پەڕگە دەنگیە ئاساییەکان کە لەو دووبەشی سەرەوەدا خۆیان ناگرنەوە.
٤، وەرگرتنی گۆرانی سەر سیدی و پاشەکەوت کردنیان لەسەر کۆمپیوتەر.
کرتە بکە سەر بەشی یەکەم، واتە Real Audio Converter، بۆ گۆڕینی پەڕگە دەنگیەکانی جۆری Ra, Rm بۆ Wav, MP3, OGG و WMA.




٥، ئەو پەڕگانەی کە ئامادەکراون بۆ گۆڕین لەو بەشەدا دەردەکەون.
٦، دەستنیشانکردنی پەڕگە بۆ گۆڕینی.
٧، دەستنیشانکردنی بوخچەیەك بۆ گۆڕینی هەموو ئەو پەڕگە دەنگیانەی کە لە نێوی دان.
٨، سڕینەوەی تاکە پەڕگەی دیاریکراو.
٩، سڕینەوەی هەموو پەڕگەکان.
١٠، ئەو شوێنەی کە پەڕگەکەی تێبچی پاش گۆڕین.
١١، ئەو جۆرەی کە پەڕگەکەی بۆ بگۆڕدرێت.
پاش هەڵبژاردنی تایبەتمەدی و خاڵی پێویست، Convert کرتە بکە بۆ دەستپێکردنی گۆڕینەوە.




بەشی Media Audio Converter.




لەم بەشەدا دەتوانی پەرگەکانی جۆری WNA، واتە پەرگە دەنگیەکانی جۆری Windows Media Audio بگۆڕیت بۆ جۆری Real Audio.

١، دەستنیشانکردنی پەرگە بۆ گۆڕینی.

٢، شوێنی پەرگە ئامادەکراوەکان بۆ گۆڕینی جۆرەکەیان.
٣، سڕینەوەی تەک.
٤، سڕینەوەی هەموو.
٥، شوێنی پەرگەکان پاش گۆڕینیان.
٦، هەڵبژاردنی تایبەتمەندی جعری پەرگە، بۆ نموونە گۆرانی، دەنگ، موزیك....
٧، زانیاری سەبارەت بەو پەرگە دەنگیە، بۆ نموونە ناوی گۆرانیبێژ و گۆرانی و هەندێك زانیاری دیکە.
٨، Start کرتە بکە بۆ دەستپێکردنی گۆڕینی جۆری پەرگە/کان.
بەشی Normal Media Converter.




١، دەستنیشان کردنی پەرگە.
٢، سڕینەوەی تەک.
٣، سڕینەوەی هەموو.
٤، شوێنی پەرگە ئامادەکراوەکان.
٥، ئەو جۆرەی کە پەرگەکەی بۆ بگۆڕدرێت.
٦، وردە تایبەتمەندی جۆری ویستراو.
٧، ئەو بوخچەیەی کە پەرگەکانی تێبچی پاش گۆڕین.
Convert کرتە بکە بۆ دەستپێکردنی گۆڕین.
٨، بۆ وازلێهێنان.
٩، داخستنی ئەو بەشە.

بەشی Audio CD Ripper.

لەم بەشەدا دەتوانی ئەو گۆرانیە سووتێنراوانەی سەر سیدی جارێکی دیکە بە جۆرەکانی WAV, MP3, OGG و WMA لەسەر کۆمپیوتەرەکەت پاشەکەوت بکەیتەوە.




١، هەڵبژاردنی سیدی خوێنەر، ئەگەر کۆمپیوتەرەکەتی زۆرتر لەیەك ئامێری سیدی خوێنەری هەیە.
٢، زانیاری سەبارەت بە ئاواز و گۆرانیەکانی سەر سیدی.
٣، هێنانی زانیاریەکان سیدی لە خودی سیدیەکەوە.
٤، خوێندنەوەی ISRC ـی پەرگە دەنگیەکان.
ISRC بریتیە لەو زانیاریانەی کە لەکاتی بە بەرهەم هێنانی پەرگەیەکی دەنگی وەك هێمای ژمارەیی تێکەڵاوی پەرگە دەکرێت و دواتر دەتوانرێت وەك زانیاری تۆمارکراوی پەرگە سوودی لێ ببینرێت.
٤، هەڵبژاردن/ هەڵنەبژاردنی پەرگە.
٦، ئەو شوێنەری کە پەرگەکانی تێبچێ.
٧، هەڵبژاردنی شێوازێك کە پەرگەکانی بۆ بگۆڕدرێت.
٨، دەستپێکردن.
٩، هەڵبژاردنی وردە هەڵبژاردن بۆ جۆری هەڵبژێردراو.
کۆتایی.

Oct 2005 13

Make Your Donation Today
Help Rebuild Lives & Communities in Hurricane Affected States.
آگهی های سرویس عمومی گوگل
تبلیغات در این سایت